ئەو شۆڕشە . هەندێکیش دەڵێن گوایە کاوەی ئاسنگەر ئەوەندێ ئازاو نەترس و نیشتمان پەروەر بوە ، ئەوەندە لەلایەنی بیرو زیرەکی و وریاییدا کاڵ و کەم بین بووە ، بۆیە هەروا بە ئاسانی لەسەر شانۆکە دورخراوەتەوەو گوایە ئەمەش بەڵاو نەهامەتیەکی گەورەی لەدواییدا بۆ گەلی کورد سازکردوە کاتێك فەرەیدون کە فارس بوو بوە پاشا پەیمانەکانی خۆی بەرامبەر بە کاوەو میللەتەکەی بەجێ نەهێناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردەواری لەو شۆڕشەدا لە ئەنجامدا سەرەڕای ئەو هەموو قوربانی دانە لە ماڵ وێرانی و بێ کەسی زیاتر هیچیان دەست نەکەوت .

**سەرچاوەکان :—**


١ – نەوروز لە بڕبڕە پشتی مێژوودا – غەفوری میرزا کەریم – ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٠١) ئازاری ١٩٨٤

٢ – نەورۆز – محمد ئەمین زەکی – گەلاوێژ ، ژمارە –١ – ساڵی ١٩٤٣

٣ – هەمان سەرچاوە

٤ – باتەپەو تۆزی نەورۆز لە ساڵان بتەکێنین . عبدالرحمن زەبیحی – هاوکاری ژمارە (١٥٩) ٢٣-٣-١٩٧٣

٥ – هەمان سەرچاوە .

٦ – سەرچاوەی ژمارە یەك

٧ – هەمان سەرچاوە

٨ – سەرچاوەی ژمارە دوو

٩ – کتێبی کوردو کوردستان – محمدئەمین زەکی ل ٢٧٦

١٠ – سەرچاوەی ژمارە دوو

١١ – سەرچاوەی ژمارە یەك

١٢ – سەرچاوەی ژمارە دوو

١٣ – هەمان سەرچاوە

١٤ – هەمان سەرچاوە

١٥ – پیرەمێرد – ژین ژمارە (٨٢٠) ١٩٤٧

١٦ – هەمان سەرچاوە

١٧ – هەمان سەرچاوە

١٨ – سەرچاوەی ژمارە چوار

١٩ – هەمان سەرچاوە

٢٠ – هەمان سەرچاوە

٢١ – نەورۆزو وردە سەرنجێك – حمید عزیز – هاوکاری ژمارە (١٥٩) ٢٣-٣-١٩٧٣

٢٢ – هەمان سەرچاوە

٢٣ – ئەفسانەی ئەژدەهاکو کاوەی ئاسنگەر . فیردەوسی گۆڕینی – صابرگر عازەبانی – کتێب –

٢٤ – سەرچاوەی ژمارە چوار .



نووسینی

**ئەکادیمیك – یو / ف بڕملێی**

**و**

**ش . گ . پەروڵنی**

**ڕشاد میران لە ڕووسی یەوە وەری گێڕاوە**

**– بەشی دووەم –**


لە پاپیرۆسەکانی میسری کۆن دا[٢٩] ، لەسەر تەختە قورەکانی بابل دا ، هەروەها لە گفتوگۆیەکانی سوکرات داو لە کاغەزەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و لەسەر لاپەڕە چاپکراوەکانی ڕۆژگاری تازەدا – هەمان گلەیی و سەرزەنشت کراوە . منالەکان لەدەست دەرچوون ، مێرد منداڵ گەورەبە هیچ نازانن ، حەز لە ئیش کردن ناکەن . بەڵام پەروەردەکە خۆی وا بوو . دیمۆکریت دەڵێت :

«ئەگەر بە زۆری منالّ ئیشی پێ نەکرایە ، ئەوا فێری خوێندەواری و مۆسیقاو جیمناستیکا نەدەبوو» . بە کورتی ، بە زەبرو زۆر ئیشیان بە منالان دەکرد . ئەوانەی بەم جۆرە پەروەردە دەکران ، وەکو باوکی خۆیان دەرئەچوون و بیروڕاش وابوو کە تەنها هێزو سزا منالّ ئەکاتە پیاوی ڕاستەقینە ، واتە بە پێی مەبدەئی (لە ئێمەیان دا ، بۆیە ئێمە واباش گەورەبووین) . ئەوەی ڕاستی بێ ، هێشتا پیفاگۆرو ئەرستۆ دژی سزادانی منالّ بوون . بەڵام هەرچەندە زۆریان بە شان و باڵای خاوەنی ئەم بیروباوەڕانەدا هەڵدەگووت ، کەچی (ئەم بیروباوەڕانە) کارێکی وایان نەکردە سەر کەسانی زەمانی خۆیان و دواتریش .

لە وولاتێکی بورجوازی کلاسیکی ، وەکو ئینگلتەرادا ، کە ئیستاش گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی سزادانی منالّ هەر

# میللەتانی جیهان لەروانگەی ئەتنوگرافناسەکانەوە

نەبراوەتەوەو لەگەڵیٚ قوتابخانانەدا ، بۆ پەروەردە کردن ، حەیزەران بەکاردێنن .

تایبەتی ئەتنیکی ، هەروەها ، لە هەڵسوکەوتی رۆژانەدا زۆر بە جیاوازی‌یەوە لە بەینی میللەتاندا بەدی دەکریٚ . ئێمە لەسەر کورسی‌و مێز دادەنیشین‌و لە کاتی نانخواردندا چەقۆو چەنگاڵ بەکار ئەهێنین ، ئازیزان یەکتری ماچ دەکەن ، بۆ خەوتن سەرمان دەخەینە سەر باڵیف‌و . . . هەموو ئەمانە زۆر ئاسایین‌و وائەزانین کە بە جۆرێکی‌ترنابیٚ بن . کەچی هەتا ماوەیەکی کەمیش پێش ئیستا مۆنگۆلی کۆچەر ، بۆ نانخواردن ، بە تورکی دادەنیشت (واتە چوارمەشق)و نەیدەزانی مێزو کورسی چین .

چینی‌و یابانی ئیستاش خواردن بە دوو دار دەخۆن ، ئەسکیمۆیی‌یەکان بۆ ماچ کردن ، زۆر بە سۆزەوە لووتیان لە لووتی یەکتری ئەخشێنن . مالایی‌یەکان ، شەوان بۆ خەوتن کورسیلەیەکی دار دەخەنە ژێر ئەژنۆیان . هیندی ئەمەریکای خواروو لە ناو جۆلانەدا دەخەویٚ . ئەوروپایی چەند دەقیقەیەك زیاتر ناتوانیٚ بە تورکی دانیشێت . لەلای ئافرەتی ئەوروپایی ، بیٚ مانایەو زۆریشی لا عەیبە لەسەر چۆکان بوەستیٚ – لای ئافرەتی یابانی ئەمە عادەتەو لی‌ی راهاتووە ، هەروەها یابانی‌یەکان زۆر بە زەحمەت عادەتی دانیشتن لەسەر کورسی – ئێمەیان – وەرگرت .

بۆ دەرخستنی سیمای تایبەتی میللەتان ، لە ژیانی رۆژانەدا ، سەدان ڕێگە هەیە . لەم بارەیەوە نووسینەکانی ئێلیا ئێر نبۆرگ زۆر خۆشن : «لەکاتی سلاوکردندا ئەوروپی دەستی خۆی بو تۆقەکردن درێژ دەکات ، بەلاّم چینی‌و یابانی ، یا هیندی سەریان لەمە سور دەمێنیٚ‌و هەرگیز بە خەیاڵیاندا نایێت دەستی یەکێکی غەریب بگوشن ! . خەڵکی ڤیەننا دەڵیٚ (دەستت ماچ دەکەم) بەبیٚ ئەوەی بترسێت کە مانایەکی خراپی لە قسەکەی بدرێتەوە ، کەچی خەڵکی وارشو هەر ڕاست دەستی ئافرەتەکە ماچ دەکات . ئینگلیز کە نامە دەنووسی بە (ئازیزم سێر) دەستی پیٚ دەکات ، هەتا ئەگەر نامەکەشی هەموو جوێندان بێت بۆ زەلامەکە . پیاوی دیان کە ئەچێتە کەنیسە ، ئەبیٚ شەبقەی سەری داکەنێت ، بەلاّم جوولەکە بەسەری رووتەوە نابیٚ بچێتە ژوورەوەی (سیناگوگ)[٣٠]ەوە . لە وولاّتانی کاتۆلیکی ، ئافرەت بە سەری رووتەوە نابیٚ بچێتە کەنیسە . رەنگی تازیمانە لای ئەوروپیەکان رەشە ، لای چینی سپی‌یە . چینی کاتیٚ کە دەبینیٚ ئەوروپایی‌یەك لە دەرەوە دەستی لە ناو دەستی ئافرەتێکایەو ناوە ناوەش ماچی ئەکات ، بەلایەوە زۆر عەیب‌و بیٚ ئابروییە . لە مێوانخانەی پەکیندا مۆبێلەکان ئەوروپین ، بەلاّم دەرگای ژوورەکانی چینین ، پەردە ڕێگە

نادات راستەو راست بچێتە ژوورەوە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی شەیتان راست دەروات . کەچی شەیتانی رووسی ، بە پێچەوانەوە ، بە خوارو خێچی دەروات . ئێمە ئامۆژگاری منالّەکانمان دەکەین ، کە لە مێوانی‌دا هیچ لە قاپەکانیان‌دا نەهێڵنەوە . چینەکان پاش نان خواردن هەریەکەو فنجانێ برنجی ووشکی لە بەردەم دادەنێن ، بەلاّم کەس دەستی لێ نادات — ئەدەب وادەخوازێ نیشان‌بدرێت کەوا تێریت» .

هەر میللەتێك کولتووری تایبەتی خۆی هەیە زۆر بە ئاسایی‌و زۆر جاریش بە راست ترینیان دەزانێ . بەلام ، رەنگە بەلای میللەتانی ترەوە نەك هەر سەیر بێت ، بەڵکو ، رەنگە بە لایانەوە شیاونەبێت . هیندی پیێ‌ی سەیرە ، کە ئافرەتی ئەوروپایی ناوی مێردی خۆی لە بەردەم خەسووەکەیدا دەهێنێ . یابانی بەعەقلی‌دا ناچێت ، چۆن دەکرێ هەمان پێلاّو بۆ دەرەوەو مالّەوە بەکار بێنێت . بولگاری سەری خۆی لە لایەکەوە بۆ لایەکی‌تر دەلەقێنێ وەکو نیشانەی رەزامەندی ، بۆ رازی نەبوونیش ، لە سەرەوە بۆ-خوارەوە (وەکو بڵێت — بەڵێ ، باشە) . لە ناو میللەتی ئەشناتی ، لە گانادا ، زاوا مافی ئەوەی نی‌یە ، لە گەلّ خەسووەکەیدا قسە بکات .

لای ئینگلیز ، رووس ، یا فەرەنسی ، شتێکی سەیرە کە (زولو)[٣١] پشوو دەدات ، لە سەریەك قاچ دەوەستی‌و قومپانی پیێ‌یەکەی تری ئەخاتە سەر ئەژنۆی . ئیرانی ، کە ئینگلیزێکی دێتە مالّەوەو شەبقەکەی دائەکەنێت‌و پێلاوەکەشی هەر لەپیێ‌دا ئەبێت ، پیێ‌ی دەلّێ : «سەری لە ناو حەمامەو قاچیشی لەسەر شەقامە» .

سلاّوکردنیش ، هەروەها ، چەندەها جۆری هەیە ، لەباتی (زدراستڤویتێ)[٣٢]ی ئێمە ، لای گەلانی‌تر ووشەی زۆر هەن . لای ئەبخازەکان‌و[٣٣] میللەتانی تری قەفقاس ، ئەو (زدراستڤویتێ)یە رەنگە لە گەل ٣٠ جۆرە سلاّوکردن‌دا وەکو یەك‌بن ، بە رەچاوکردنی باری تایبەتی سلاّوکەرەکان ، لەگەلّ هەمان کەس‌دا . سلاّوکردن جۆراوجۆر دەبێ — کاتی

ئیش‌کردن ، لە رێگادا ، لە راو گەرانەوەدا ، . . هتد . . .

گەرۆکی سوێدی ، ئێریك لۆند کفیست ، پاش راوکردن نانی ئێوارەی لە گەلّ سەرۆکی پاپواسەکانی[٣٤] گفیستیای نوێ دەخوارد . یەك لە دوای یەك سوێدی گۆشتی ئیسقانەکەی هەندێك دەخواردو دەیدایە کابرای پاپواس‌و ئەمیش تەواوی دەکرد ، ئینجا ئیسقانێکی‌تر . هاورێ‌یەکی ئەوروپایی لۆنە کفیست لەم وەزعەدا گەلێ شەرمەزاربووبووو سەرزەنشتی دەکرد :

«تۆ هەروەکو سەگێکت لەگەلّ دانیشتبێت ، ئیسقانی رووتت داوەتێ ! خۆت هەموو کاتێك دەنگووت ، ئەبێ لەگەلّ ئەم پێست رەشانە ، هەر وەکو چۆن لە گەلّ سپی‌یەکان‌دا هەڵسین‌و دانیشین» .

بەلاّم لۆند کفیست بە پیێ‌ی عادەتی پاپواسەکان جوولاوەتەوە . هەڵسوکەوتی لە گەلّ سەرۆکی پاپواسەکان ، هەروەکو برادەرێکی بووبێ وابووەو بە عادەتی ئەوان خواردنیان دابەش‌کردووە . گەر بە جۆرێکی تری کردبایە ، رەنگ با دڵی ئەوانی بهێشاندبایە .

دەربارەی مادەی بەینی دوو قسەکەردا ، ئەمەش لە نێوان میللەتان‌دا جیاوازی هەیە . خەڵکی ئەمەریکای لاتینی کە قسە لەگەلّ یەکێکی ئەمەریکای سەروو دەکات ، لای‌وایە کەوا ساردو سورەو خۆی دوورە پەرێز دەگرێ . ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەمەریکایی سەروو وا بە باش دەزانێ کە ماوەی ٧٥سم لە قسەکەرەکەی دوور بێ ، کە چی ئەمەریکایی خواروو ئەمە بە دوور دەزانێ .

لە گەلّ ئەم جیاوازیانەش‌دا ، کولتووری مرۆڤایەتی هەر یەکە ، نیشانەی ئەو یەکێتی‌یەش ئەو راستی‌یەیە ، کەوا هەر بابەتێکی کولتووری ، لە هەر فۆرمێك‌دا خۆی بنوێنێ ، لە لای ئەم یا ئەو میللەت ، خزمەتی پێویستی‌یەکی دیارکراوی مرۆڤ دەکات . گەلێ لایەنی لەیەك چوونی کولتووری میللەتان ، ئەنجامی یەکێتی مرۆڤایەتی‌یە بۆنموونە ، پروتسێسی پێشکەوتنی

کۆمەڵایەتی لە هەموو لایەکی سەر ئەم زەمینەدا ، هەروەها یەکێ یاسا نەفس و دەروونی‌یەکانی لای هەمووان وەك یەك وایە . شتێکی بە ر ەو نایابە ، کە لەگەڵ ئەو هەموو شەقڵ و خاسیەتە جیاوازانەی لە نێو میللەتان‌دا هەیە ، کەچی نەریت و شکۆی و بەرزیی خووەرە ت لای هەمووان هەیە : چاکە ، یارمەتی دانی بێ دەسەڵات ، دڵدانەوە ، هاوکاریەتی یەکترکردن و . . هتد . لە لایەکی تریشەوە ، لە هەڵوێست وەرگرتن لە شەڕو خراپەش‌دا وێکچوون‌هەیە ، واتە هەموو لایەك خراپەو زەرەرەکانی و جیاوازی ڕەت دەکەنەوەو پەسەندی ناکەن .

بەرەوپێش چوونی بیرو باوەڕی ئایینی ، ئەوەندەی کە لە تواناماندا بێ ڕوونی کەینەوە ، لە هەموو ناوچە مێژوویی و کولتووریەکان‌دا نزیکەی بە یەك ڕێگەدا تێپەڕیوە ، بەڵام لە شتی وورد ووردیش‌دا ، ئەم بیروباوەڕانە زۆر لەیەك جیاوازن ، پەرستنی تۆتێم (تۆتێمیزم)[٣٥] لە خوارووی ئاسیاو ئەمەریکای سەروو ناوەراستی ئەفەریقیاو ئوستورالیادا هەیە . ئەگەر لەیەك چوونی پەنتیۆنەکانی[٣٦] گریکی کۆن و هیندوستانمان روون کردەوەو دەرمان خست کەوا خواکانی هەردوو لا یەك رەسەن‌یان هەیە ، ئەمە هێشتا ئەوە ناگەیەنێت ، کە ئەم جۆرە روون کردنەوەیە بۆ مەسەلەی لەیەك چوونی بیروباوەڕی ئایینی میسری کۆن و ئەتستێکەکانی مەکسیکای سەدەی پازدەم دەست ئەدات .

داگیرکەرە ئیسپانیەکان سەریان لە جۆری پەرستنی ئەتستێکەکانی مەکسیکادا سوڕمابوو . قوربانی کردنیان زۆر لە هی مەسیحیان دەچوو . قەشەی ئەتستێکەکان نانی ئەدایە ئیماندارێك و ناوی دەنا (لەشی خوا) ، هەروەکو مەسیحیەکان . بەڵام ئەو نانەی ئەتستێکەکان بەخوێنی زەلامێك لە ناوچەیەکی وەکو هیندستان بە قوربانی دەکرا . هەر لە هەمان دەوردا ، ئەوروپاییەکان زۆر شتی هاوبەشیان لە بەینی کەنیسەی مەسیحی و پەرستگای بوودیەکان چاوپێ‌کەوت .

تاماوەیەکی کەمیش پێش ئێستا ، ئەتنۆگراف ناسەکان زۆر بە پەرۆشەوە باسی چەسپان و یەکێتی ئەو کولتوورە جیهانی‌یەیان دەکرد ، کە بەهەموو جیهانی سەرمایەداری‌دا بڵاوبۆتەوە . بەم کولتوورەیان دەگووت ، کولتووری ئەوروپای رۆژئاوا ، یا کولتووری ئەمەریکی – ئەوروپی ، کولتووری پیشەسازی کولتووری پیشەسازی – شارستانی ، یان هەر کولتووری سەرمایەداری . بەڵام ناو هیچ لە واقیع ناگۆڕێ . لە شارەکانی ئەوروپاوە ، هەروەکو چۆن جۆری ژیانی سەرمایەداری ، هەروەها جۆری ژیانی پرولیتاریش بە هەموو جیهان‌دا بڵاوبۆتەوە . ئەم پرۆسیسە (واتە – بڵاوبوونەوەی جۆری ژیانی سەرمایەداری و پرۆلیتاری) لە سەدەی شازدەمەوە دەستی‌پی‌کرد . لە رێرەوەی ئەم پرۆسیسەدا ، گەلێ شتی بەنرخی کولتووری میللەتانی ژێر دەست لە ناو چوون . بۆ نموونە شتی یەکجار زۆری کولتووری باسکەکان و بریتۆنی‌یەکان تیاچوون .

دواین ، کە ئەتنۆگراف ناسەکان ووردتر سەیریان‌کرد ، بۆیان دەرکەوت ، کەوا یەکەم کولتووری جیهانی بەم رادەیە وەستاوی‌یەو دووەهەم لەراستیدا ئەم کولتوورە ، تەنها هی ئەوروپای رۆژئاوا ، یا هی ئەمەریکاو ئەوروپا نی‌یە . لە کولتووری میللی‌دا ، رەگەزەکانی کولتووری - هانی و شتە ئەتنیکی (میللی)یەکان . بە جیاوازی‌یەوە ، بەیەك دەگرنەوە . لە ئەمەریکای سەروو کەنەدا وادەوری کولتووری گرووپە ئەتنیکی‌یە رەسەنەکان[٣٧] لەهی کولتووری جیهانی ، گەلێ کەمترە . لە ئەوروپای رۆژئاوا وابەجۆرێکی‌ترە هەرچەندە بناغەی کولتووری جیهانی . شارستانی لەوێ دروست‌بووە .

(س . ئا . ئارتیۆنوف)ی ئەتنۆگراف . ناس دەڵێت : «هەتاکو لە بەینی ژیانی شارستانی‌یەکانیش‌دا جیاوازی هەیە بۆ نموونە لە نێوان هامبۆرگ و ڤیەننا ، زیاتریش لە نێوان ستوکهۆڵم و مەدریدا یاخود لەندەن و ئەسینا جیاوازی هەیە» ، لە وولاتانی ئەوروپادا ، بە تایبەتی بۆ ئەوەی خەڵك بە مەبەستی

سیاحەت بۆ لای خۆیان راکێشن زۆر شتی کولتووری ترادیتسیای (تقلیدی)یان ماوەو یا ژیاندویانەتەوە ، وەکو جل‌و بەرگ ، ئاهەنگەکانی جەژن‌و ئایینی ، مۆسیقا ، گۆرانی ، سەما ، . . هتد . ئەوەی زیاتر سەرنج رادەکێشێ ، ئەوەیە کە ژیانی ئەتنیکی ترادیتسیایی لە ئەمەریکای لاتینیدا – کە ئاهەنگەکانی کولتووری جیهانی تێدا دەگێردرێ – باش خۆی گرتووەو کولتووری زنجی‌و هیندیەکانی زۆر تیا ماوەتەوە . ئەم خاسیەتە ئەتنیکی‌و ترادیتسیاییانە بە تایبەتی لە کاتی جەژن‌و ئاهەنگەکانیاندا بە زۆری‌و بە ئاشکرایی دەردەکەون ، بەڵام بەهەر حاڵ ئەم جەژن‌و ئاهەنگانە گەلێ کەمترن لە رۆژانی تری ئاسایی .

لەم بارەیەوە ، یابان نموونەیەکی گەلێ بەرچاوە . لە لایەکەوە توانیویەتی شتی زۆر لە کەلتووری جیهانییەوە وەربگیرێت‌و لە لایەکی تریشەوە . کولتووری ئەتنیکی‌و تراديتسایی خۆی پاراستووە ، بە نموونە بۆ ئیش‌کردن جلی ئەوروپایی‌و لە ماڵەوەش جلی یابانی لەبەر دەکەن‌و . . هتد .

ئۆلدێر مانەکانی ئینگلیزی‌و[٣٨] بیۆرگێرەکانی[٣٩] هۆلەندی سەدەکانی هەڤدەو هەژدەم ، عاجباتیان دەما گەر ژیانی ئیمرۆکەیان بدیبا ، کەپڕە لە دەستکەوتەکانی زانست‌و تەکنیکا – چای ، قاوە ، پەتاتە ، تەماتە ، گەنمەشامی‌و کاکاوو گەلێکی تریش ، ئەمانە هیچیان لە ئەوروپادا نەبوون‌و ئیستاش بەشێکی زۆر گرنگی ژیانی رۆژانەن .

هەمان‌شت ، دەربارەی جۆلانەی خەوتن کە لە کەلتووری هیندیەکانەوە وەرگیراوە ، یاخود تۆپی لاستیك ، ئەمەریکاییەکان بۆ یەکەم جار بەکاریان هێناوە (واتە . . کاوتشۆکیان بەکارهێناوە) . هەروەها ئەو دۆڵابە گەورانە (کانتۆر)ی کە بەشێکی سەرەکی شارستانیەتی جیهانین ، لە یابانەوە وەرگیراوون .

خەڵکی تالین‌و[٤٠] کراکۆفیا[٤١] لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ، ئەگەر جگەرەو دار جگەرەیان بەدەمی خەڵکەوە بدیبایە ، سەریان سوڕ ئەما ، چونکە تەنها لە سەدەی شازدەمەوە توتن کەوتە ناو جیهانی کۆن‌و داگیری‌کرد .

دەربارەی جل‌و بەرگیش ، تەنها لەو دەساڵانەی دواییەدا ، چاکەت‌و کڵاوی ئەسکیمۆیی کەوتە ناو شارستانییەتەوە . هەروەها ئەو سۆلانەی کە لاستیکی بەبەینی پەنجەکانی‌پێدا دەرواو خەڵك لەسەر کەناری دەریا (بلاج) لە پێ‌ی دەکەن ، لە یابانی‌یەکانەوە وەرگیراوە .

ماترۆیۆشکە (دایکۆکە) یان (بووکۆکەی رووسی) ، ئەو بووکۆکەی کە لە دار دروست کراوەو چەند بووکۆکەیەکی تری لە ناوەوەیەو – ئەمانیش هەر یەکەو لە ناو یەکترین – بووە بە رەمزێکی رووسی‌و توریستەکان دەیکڕن‌و بە دیاری لەگەڵ خۆیاندا بۆ وولاتانی خۆیان دەیبەنەوە . ئەوەش لە سەدەی نۆزدەمەوە لە بووکۆکەی یابانی (دارومێ)وە وەرگیراوە ، کە ئەمانیش بە دەوری خۆیان ، لەسەر شێوازی حەکیمی هیندی (داروما)ی سەدەی پێنجەم دروستیان‌کردوە . مەزهەبی داروما لە سەدەکانی ناوەراستدا ، لە یابان بڵاوبوویەوەو ئەفسانەو داستانی زۆریش لەسەر ئەم حەکیمە هەن . بە پێ‌ی یەکێك لەم داستانانە ، داروما لە ئەشکەوتێك‌دا خەڵوەتی کردووەو لەبەر نەجوولانەوەی قەڵەوو خڕو پڕ بووە ، جا بۆیە وەستایەکان لە داتاشینی ئەم بووکۆکەیەدا ئەم روخسارە سەیرەیان بۆ کردووە . لە دەم‌و چاوی ماتریۆشکای رووسی‌دا هیچ شێوازی هیندی بەدی ناکرێ‌و بە جۆرێك دروست‌یان کردووە ، کە چەند بووکۆکەیەکیان خستۆتە ناو یەکتریەوە .

لە مەڵبەندی دارومادا – هیندوستان – ئەم بووکۆکەیە بە سەرو چاوێکی هیندییەوە دروست دەکەن ، بەڵام ئەمانیش بە شێوەی رووسەکان ، چەند بووکۆکەیەك دەخەنە ناو یەکتری‌یەوە .

مێژووی ماتریۆشکا ، بۆیە گرنگ‌و سەرنج راکێشە چونکە نەك هەر ماتریۆشکا ، بەڵکو ، چەندەها شتی کولتووری وابەنرخ ، بچووك‌و گەورە ، لە ئەنجامی جوانکاری (ئیبداع)ی

چەند میللەتێکەوە هاتوونە کایەوە .

لە هەموو جیهاندا ، لە گەلێ شتی دەورو پشتمان‌دا ئەتوانین ئاسەواری کولتووری هەرە کۆنەکان دەست نیشان‌بکەین .

لە بارەی هونەریشەوە ، با لە ئەوەوە دەست‌پێ‌بکەین ، کە رەنگێ لە ژیان‌دا – بە تایبەتیش لە نێو لاوان‌دا – لە هەمووی دیارتربێ : مۆسیقاو سەما . یەکێك لەو نازناوە زۆرانەی سەدەی بیستەم – سەدەی جازە . جاز – زنجیەکانی ئەمەریکا دایان‌هێنا ، ئەوەش بە سوود وەرگرتن لە گەنجینەی دەوڵەمەنەی نەغمەو ئاوازی ئەفەریقی‌یەوە .

لە مەیدانەکانی سەماو دیسکۆی شارەکانی ئەورووپاو ئەمەریکاو ئاسیادا سەمای فۆکستروتو رۆمباو مامبۆو هی‌تر دەکرێن ، کە لە رەسەن ئەفەریقین ، بەڵام بە دەستکاریەکی ئەمەریکی‌یەوە . داهێنەری ئەم سەمایانە ئەمەریکای سپی‌و بۆرژوازی نی‌یە ، بەڵکو پێست رەشە ژێر دەست‌و بە زەوقەکانن .

ئەم هونەرە نائەورووپاییە ، لە سەدەی شازدەمەوە کەوتە ناو شارستانی‌یەتی جیهانی کۆنەوە ، لەو کاتەی کە (ساراباندا) لە رێگەی ئەمەریکاوە گەیشتە ئیسپانیا . لەم سەمایەدا ترادیتسیای رومانسیرۆی ئیسپانی‌و دەهۆڵی ئەفەریقی‌و ئامێرە میللی‌یەکانی هیندی ، یەکیان گرتەوە . ئەم سەمایە کێوی‌یە – واتە ساراباندا – کە خۆی کرد بە ئەورووپادا ، لە پێناوی مانەوەی‌دا خەباتێکی دژواری بەرەنگاربوو . ئەو پیاوانەی ئەم سەمایەیان دەکرد . دوو سەد قامچی‌یان لێ دەداو ئەبوایە شەش ساڵیش لە ناو پاپۆرە کۆنەکاندا وەکو سەوڵ لێدەر (مجذاف) کار بکەن . بۆ ژنانیش ، پاش لێدانی بە قامچی . تەنها ! لە ئیسپانیا دەریان دەکردن . ئەوەبوو سزای ئەم جۆرە سەماکردنە خۆشە ، دیارە ، لەبەر ئەوەی سەمایەکە خۆی چەسپاند ، سزای هەموو خەڵکەکە نەدراو ژیانی ئەورووپا زۆر شتی لەم سەمایە گۆری . لە سەدەی حەڤدەمدا ساراباندا ـ ئەورووپای داگیرکرد ، بەڵام ئاوازەکانی بە جۆرێك گۆران ، کە لە دواییدا بوون بە مۆسیقای کەنیسەکان .

کار هەر بەوەشەوە نەوەستا ، بەڵکو لە دواتر کرا بە مۆسیقاو سەمای پرسەو تازیمانەکان . بەڵێ ئەورووپا ئەو سەماو مۆسیقایەی وەرگرت ، بەڵام کردی بە شتێکی غەمناك .

مۆسیقایە بە ناوبانگەکانی ئەورووپای سەدەی نۆزدەم . ئاوازو ئیقاعی میللەتانی تریان زۆر تیابوو ، هەر بۆیەش لەناو ئەو میللەتانەدا بلاوبوونەوە چونکە شتی نزیکی ئەوانی تیابوو .

میللەتان زۆر بە گەرمی‌یەوە هونەری داتاشین (نەحت)و رەسم‌و شیعرو پەخشان لە یەکتر وەردەگرن . ئەدەبی ئەورووپی ، پێش هەمووشیان ئەدەبی رووسی ، کارێکی زۆری کردە سەر بیروباوەری ئەدیبەکانی یابان . ئێستاکەش میراتگرەکانی تولستۆی‌و تورگێنیف لە یابان ، داهێنان‌و تاقی کردنەوەکانی خۆیان پێشکەش بە ئەدەبی جیهانی دەکەن .

نیگارکێشە هەرە بەرزەکانی یابانی سەدەی هەژدەم ، پاش ئەوەی کە ستیلی ریالیزمی‌یان بینی ، چی‌تر نەیانتوانی وەکو جاران رەسمی خۆیان بکەن . کە چی لە گەڵ ئەوەش‌دا ، شتی خۆماڵی خۆیان وون‌نەکردو هەردوو جۆری هونەریان تێکەڵ‌کرد . ئەمەش لە شارەکانی (هۆکوساس) نیگارکێشدا رەنگی دایەوە . لە سەدەی نۆزدەم‌دا ، کە فەرەنسی‌یەکان ئەم هونەرە (تێکەڵاوە)یان بینی ، بە جارێك عەشقی ئەو جۆرە دەربرینە تایبەتی‌یە واقیع‌بوون . نەحاتەکانی ئێستا . زۆر شت لە نەحتی کۆنی ئەفەریقیاو هیندی‌یەکانەوە وەردەگرن ، ئەوەش وەنەبێ مۆدەیەکی بێ‌کەلك‌و کاتی‌بێ‌و ناشی‌وا ناوی بنێین .

ئەلبرێخت دیورور ، رەسامی گەورەی ئەڵمان ، کە چوار سەدە لەمەوپێش ژیاوە تەنها لە سەدەی نۆزدەم‌دا وەکو رەسامێکی کلاسیکی دانی پیانرا . کە سەیری بەرهەمەکانی هونەری مەکسیکی‌کرد . ووتی : «لە ژیانم‌دا هیچ شتێك بەم جۆرە دڵی خۆش نەکردووم . کە سەیری ئەم جۆرە داهێنانە دەکەم ، سەرم لەو بلیمەتی‌یە تەنکەی خەڵکی ووڵاتانی‌تر سور دەمێنێ» .

نووسەر ، رەسام ، نەحات ، ئەرکیتێلفەری میللەتان باش

له هونەری یەکتری دەگەنو هەوڵی ئەوەش دەدەن ، کەوا له سروشتو روحی میللەتانی تر بگەن . یەکێتی کولتوور لەوەدایە ، که هەر هونەرێك نەتەوەیی‌یەو ئەوەش بناغەی هەمە جۆری‌یەتی .

کارل چاپیك زۆر راستی کردووە ، که دەڵێ : «لەبەرچی دیکنز له ناو ئەو هەموو نووسەرە ئینگلیزانەدا ، بوو به یەکەم نووسەر ؟ به هۆی چی‌یەوە گۆگۆلو ئەوانی‌تر ، ئەو ناوبانگە جیهانی‌یەیان پەیدا کردو ئەدەبێکی وایان داهێنا ، که لەوە زیاتر له ئەدەبی رووسی ڕائەبینرێ ؟ . . و زۆری تریش . ئەمانە هۆشمەندانە یاخود بەبێ ئاگاداری‌یەوە ، گیانو سروشتو ژیانی نەتەوەی خۆیان دەربڕیوە . هەر بەرهەمێك چەند زیاتر ئینگلیزی ، یا چەند زیاتر رووسی ، یا چەند زیاتر . . . بێ ، ئەوا زیاترو بەهێزتر بایەخی جیهانی وەردەگرێت» . ئەبێ چەند گەنجینەی کولتووری هەبن ، که هێشتا نەکەوتبنە ناو گەنجینەکانی مرۆڤایەتی‌و بایەخیان پێ نەدرابن ، ئەبێ چەندیش لەوانە وون بووبن ؟ ! ڕاستە هونەری وولاتان نرخێکی بەرزیان وەرگرتووەو چەند ئەو وولاتە دوورو نەناسراوبێ ، ئەوا هونەرەکەیان نرخی زیاتر بەرز دەبێتەوە . بەڵام ڕەنگێ له شوێنێکی ئەفەریقیای رۆژئاوادا خێڵێکی بچووك ، درەختێك بچێنن که بتوانێ ببێ به پەتاتەیەکی‌تر بۆ هەموو جیهان . ڕەنگێ راوکەرە بەدبەختەکانی خێڵی کوبوی[٤٢] گیایەك بناسن ، که وەکو دەرمان چارەسەری شێرپەنجەو نەخۆشی دڵ بکات . یاخود ئامێری مۆسیقای فیلیپین ، بتوانێ بەسەر کەمانجەدا زاڵ‌بێت ، هەروەکو چۆن کەمانجە بەسەر (لیوتنا)ی[٤٣] سەدەکانی ناوەڕاستدا زاڵ‌بوو .

کێ ئەزانێ ، تاق کردنەوەکانی کام یا چەند میللەتێك لەسەر ئەستێرەکانی ئاسماندا ، بەکەڵکمان دێنو چۆن ئەبێ ئەم تاقکردنەوەوانە بەکار بهێنرێن ! هەموو کولتووری مرۆڤایەتی ، هی هەموو مرۆڤایەتی‌یەو زانیاریی بێ‌کەڵكو هونەری بێ‌مانا‌ش نەبوونو نابن .

پەراوێزەکان :

(١) میللەتی مێژوویی ، بەو میللەتانەیان دەگووت که نووسینیان هەبوو سەرچاوەی نووسراویان ماوەتەوە ، ئەوانەش بەڕای بورژوازیەکان ، زانستی مێژوو دیراسەیان دەکات .

میللەتی نامێژوویی – ئەو میللەتانەن که نووسینیان نی‌یەو یا هیچی نووسراویان له پاش بەجێ نەماوەو ئەمانەش ، بەڕای ئەوان ، ئەتنۆگرافیا دیراسەیان دەکات .

(٢) کولتوور :– هەموو بەرهەمێکی مادی‌و فیکری میللەتان دەگرێتەوە که له ڕیڕەوەی مێژوویانەوە دروست‌بوونەو ڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان دەردەخەن . کولتوور دەکرێ به دوو بەشەوە :

أ – کولتووری مادی : شتی دەستکردی میللی ، وەکو : خانوو ، جلو بەرگ ، خواردن ، ئامێری ئیش‌کردن ، ئامێری هاتوچۆکردن . . . هتد .

ب – کولتووری گیانی (مەعنەوی) : بیروباوەڕ ، ئاین ، خووو ڕەوشت ، جەژن ، پرسە ، ئاهەنگ‌و . . هتد .

(٣) باس لەسەر ئەسکیمۆیەکانی گرینلاندیایە .

(٤) میکرۆنیزیا : کۆمەڵە دوورگەیەکن له ئۆقیانوس ، وەکو : دوورگەکانی – کارۆلین ، مارشال ، کیربیان ، ماریانی ، فێنیکس ، لاینو . . . هتد .

میلانیزیا : کۆمەڵە دوورگەیەکن له ئوقیانوس ، وەکو – فیجی ، گیبریدی نوێ ، سۆلۆمۆنی . . . هتد .

(٥) جۆرە ڕەشماڵێکن ، بەڵام لای هەر میللەتەو شێوازەو ڕەنگی تایبەتی خۆیان هەیە .

(٦) پیرێری : شوێنێکە له ئەمەریکا ؟ .

(٧) سلاڤ – بەشێکن له میللەتانی هیندۆ ئەورووپی به زمانەکانی سلاڤی دەدوێن ، لەم میللەتانەوە پێك هاتوون : رووس ، ئۆکراینی ، بێلەرووسی ، پۆلۆنی ، چیك ، سلۆڤاك ، بولکار ، مەکدۆنی ، سربی‌و سلۆڤینی‌و میللەتانی یوگوسلاڤیا .

(٨) هەندێ میللەتانی بچووکی رۆژهەلات دوورن (رۆژهەلاتی سیبریا)و لەسەر کەناری ئوقیانوس دەژین . نانایتس‌و ئوولگی سەر به میللەتانی (تونگوس – مەنشوریەکانن)و نیڤخی – سەر به پەلیو ئازیاتەکانە .

(٩) ئیختیۆفاك – ماسی‌خۆر ، ئیختیۆلۆگیا – علم الاسماك (لەیۆنانی کۆنەوە وەرگیراوە)

(١٠) زوولووس – میللەتێکن له ناوەڕاستی ئەفەریقیدا دەژینو زمانیان سەر به گرووپە زمانی (نیگرو – کۆنگۆ)یە له خێزانە زمانی (نیگرو – کەردۆفا) . به ناوبانگن – هەر له کۆنەوە – به مەڕومالات بەخێوکردن . زولووسەکان له گەڵ چەند میللەتێکی تری ئەو ناوچەیە پێیان دەڵێن – میللەتانی (بانتوو) .

(١١) میللەتە ڕەسەنەکانی سیبریا ئەمانەن : (نێنتسی ، نگانسانی ، سێلکوپی ، خانتی ، مانسی) . سەر به خێزانە زمانی ئورالین ، (ئیڤێنکی ، ئێڤێنی ، نانایتسی ،

ئوروٚچی) . سەر بە خێزانە زمانی ئەلتایین ، چوکچی ، کوریاك ، ئیڤخی ، یوکاگاری) میللەتانی پەلیو ئازیاتین . هەروەها (ئەسلیموٚین ، ئالێئووتی) سەر بە خێزانە زمانی ئەسکیمۆ - ئەلێئووتی .

(١٢) پولینیزیەکان : هەندێ میللەتانی ئوقیانۆسن ، وەکو هاوایەکانو نیوزیلاندیاو دوورگەکانی‌تر .

(١٣) خێزانە زمانی قەفقاس لەم گروپە زمانانەوە پێك هاتووە : کەرتڤێلی (زمانی جورجیا) ، ئەدیگۆ - ئەبخاری (کە بەردینی ، ئەبخاری ، ئەدیگی ، چەرکسی) ، ناخی (چیچێنی‌و ئینگووشی) ، داغستانی (ئاڤاری ، لەزگین ، لاکی ، دەرگینی . . هتد) .

(١٤) زمانی هاوایی : زمانێکە لە گروپەی رۆژهەلاتی ئوقیانوسی سەر بە خێزانە زمانی (ئوسترۆنیزیا) . هاوایەکان یەکێکن لەو میللەتانەی پێ‌یان دەلێن (پولینیزی) .

(١٥) زمانی سەئامی : یەکێکە لە گروپە زمانی (فینو ئوگوری) سەر بە خێزانە زمانی ئورالی‌یەوە . سەئامەکان (لەپاری - شیان پێ دەلێن) لە باکووری یەکێتی سۆڤیەت دەژین لە سەرکەناری دەریای سپی .

(١٦) توڤا : میللەتێکن لە خوارووی سیبیریاو لە سەر سنووی مەنگۆلیادا دەژین‌و کۆمارێکی ئوتونومی‌یان هەیە . زمانەکەیان سەر بە گروپە زمانی تورکیە لە خێزانە زمانی ئەلتایی .

(١٧) ناوچە مێژوویی‌یە کولتووریەکان : چەند ناوچەیەکی جوگراف‌و ئەتنۆگرافینە کە بەسەر زەمیندا دابەش بووینە . خەلکەکانی ئەم ناوچانە ، بە هۆی پەیوەندی مێژوویی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابووری دوورو درێژەوە ، کولتوورو ژیانی لە یەك چوویان بۆ پەیدابووە . وەکو میللەتانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست ، ئەورووپای رۆژئاوا ، خوارووی ئاسیا (هند ، پاکستان ، بنغلادیش) ، هیندی چینی‌و . . هتد .

(١٨) سەرماتەکان : لە ناوچەکانی زێی ڤۆلگاو دەشتەکانی ئورال‌دا . ئەم خێلە کۆچەرو مەرومالأت بە خێوکەرانە دەژیان لە سەدەکانی ٦-٤ پێش زاین‌و بە زمانێکی گروپەی ئێرانی سەروو قسەیان دەکردو خزمایەتیان لەگەل سکیفەکانی کەناری سەرووی دەریای رەش هەیە .

(١٩) بۆشمان : میللەتێکی بچووکن لە خوارووی ئەفەریقیدا دەژین (لە نامیبیاو کۆماری ئەفەریقیای خواروو)و زمانەکەیان سەر بە خێزانە زمانی کەیسانی‌یە .

(٢٠) مالایی : دانیشتوانی مالیزیاو چەند گروپەیەکیشی لە ڤیتنام‌و کەمبۆدیا هەن .

زمانەکەیان سەر بە (ئوسترۆ نیزیا)یە .

(٢١) مائورەکان : دانیشتوانە رەسەنەکانی نیوزیلاندیان‌و زمانەکەیان سەر بە خێزانە زمانی (ئوسترو نیزیا)یە

(٢٢) کەلمیك : میللەتێکن سەر بە گروپەی مەنگۆلی ، خێزانە زمانی ئەلتایین ، کۆمارێکی ئوتونومی‌یان لەسەر دەریای خەزەر (قزوین) هەیە .

(٢٣) بوریات : میللەتێکن سەر بە گروپەی مەنگۆلی ، خێزانە زمانی ئەلتایین کۆمارێکی ئوتونومی‌یان لە خوارووی سیبیریا ، لەسەر سنووری مەنگۆلیادا هەیە .

(٢٤) خوارووی ئاسیا : ناوچەیەکی مێژوویی کولتووری‌یە ، لەم دەولەتانە پێك هاتووە :

هیندوستان ، پاکستان ، بنغلادیش .

(٢٥) ئەم سێ زاراوەیە لە یۆنانی کۆنەوە وەرگیراون .

(٢٦) خێلی پوونان : خێلێکی ئوسترۆنیزی‌یەو لەسەر دوورگەی کالیمانتان (ئیندونیزیا) دەژین .

(٢٧) خێلێکن لە هیندوستان ، مەرومالات بە خێو دەکەن .

(٢٨) خاکی ئاگرین : دوورگەیەکە کەوتۆتە خوارووی ئەمەریکای خوارووەوەو لە نێوان ئەرجەنتین‌و شیلی‌دا دابەش‌بووە .

(٢٩) پاپیرۆس : یۆنانی کۆنە ، ناوی درەختێکی ئەفەریقی‌یە کە میسری‌یە کۆنەکان کاغەزو جل‌و رەبەرگیان لە پەلکی لقەکانی‌یەوە دروست‌دەکرد .

(٣٠) سیناگۆگا : یۆنانی کۆنە ، ناوی پەرستگای جولەکەکانە .

(٣١) بروانە پەراوێزی ژمارە (١٠) .

(٣٢) زدرا ستڤویتێ : ووشەیەکی رووسی‌یە بە مانای - (سلاو ، (سلاو ، مەرحەبا)

(٣٣) ئەبخازی : میللەتێکی قەفقاسین ، زمانەکەیان سەر بە خێزانە زمانی قەفقاسی‌یە گروپەی (ئەدیگو - ئەبخازی) . کۆمارێکی ئوتونومی‌یان هەیە .

(٣٤) پاپواسەکان : دانیشتوانی رەسەنی دوورگەی (گنێبیای نوێ) . کۆمەلە خێلێکی سەرەتایین . گەرۆکی رووسی بە ناوبانگ (میکلوٚخە میکلایا) دۆزینیەوەو دیراساتی دەربارەیانەوە هەیە .

(٣٥) تۆتێم : لە زمانی هیندی‌یەکانی ئەمەریکاوە کەوتۆتە ئینگلیزی‌یەوە ، مانای ئەوگیان لەبەرە یا درەختە یا هەرشتێکی‌تر ئەگەیەنێ کە دەی پەرستن .

(٣٦) پەنتیۆن : یۆنانی کۆنە ، واتە (خوا)

(٣٧) گروپەی ئەتنیکی (ئەتنۆگراف ناسی) : ئەم کۆمەلە خەلکە کە لە میللەتی خۆیان جیابووینەتەوەو لە ناو میللەتانی‌تر دەژین ، بەلام زمان‌و خووورەوشتی رەسەنی خۆیان ون نەکردوون ، وەکو کوردەکانی خوراسان ، ناوەراستی تورکیاو ناوەراستی ئاسیا .

(٣٨) ئولدێرمان : ئەندامی لێژنەی شار لە ئینگلتەرا (واتە ئەندامی شارەوانی)

(٣٩) بیۆرگێر : لە ئەلمانی‌یەوە ، لە سەدەکانی ناوەراست‌دا بە دانیشتوانی شارەکانیان دەگووت .

(٤٠) تالین : پایتەختی کۆماری ئیستۆنیای سۆڤیاتی‌یە

(٤١) کراکۆڤیا : شارێکە لە پۆلۆنیا .

(٤٢) خێلی کوبوو : خێلێکی لە سومەترادا دەژین . پیشەی سەرەکیان راوکردنە . زمانیان سەر بە گروپەی ئەندونیزی خێزانە زمانی ئوسترۆنیزی .

(٤٣) لیوتنا : ووشەیەکی پۆلونی‌یە ، ناوی ئامێرێکی موسیقی کۆنە لە رۆژهەلاتی کۆن (هیندوستان ، ئێران ، قەفقاس)وە پەیدابووەو چەند وەتەرێکی هەیە .